
# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٢٧

تەمموز-ئەیلولی ٢٠٢٢

## دیارخراوەکان

شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات




لەوەتەی ٢٠١٤ەوە، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق زانیاری لەسەر ئاواران و گەڕاوان لەڕێگەی تۆڕێک لە کەسانی زانیارییپێدەر لە سەرانسەری عێراق دا کۆدەکاتەوە.  بە بەردەوامی داتای لیستی سەرەکی کۆدەکرێتەوە  و بەشێوەی ڕاپۆرتی هەر سێ مانگ جارێک دەنێردرێت. داتای ئەم ڕاپۆرتەی ئەم گەڕەی ئێستاش لە ١ی تەمموز تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٢ بووە.

### ئاواران ١,١٧٣,٨١٢

▼ -٣,٤٢٢

- تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٢، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ١,١٧٣,٨١٢ هاوڵاتی ئاوارەی دەستینشانکرد لە (٢٠١,٦١٤) خێزان دا.
- ئەمەش کەمبوونەوەی **٣,٤٢٢** ئاوارەیە لەوەتەی گەڕی پێشووەوە کە لە نیسان-حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا کۆکرابووەوە (ڕێژەی گۆڕان ٠,٣ ٪).٢
- قەزاکانی **تکریت (-٥٣٤)**، **حەمدانیە (-٤٨٥) و ناوەندی موسڵ (-٤٠٠)** کە گەورەترین ژمارەی کەمبوونەوەی ئاوارەکانیان تێدابوو.
- ئەم کەمبوونەوە کەمەی ئاواران لەم قەزایانەدا دەدرێتە پاڵ نۆژەنکردنەوەی خانووی نیشتەجێبوون و بەرەوپێشچوونی دابینکردنی خزمەتگوزاری لەناوچەی زێد، هاوکات لەگەڵ ئەمەش دا، نەبوونی کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن لە ناوچەکانی ئاوارەبوون دا.
- کۆی گشتی (**٨,٦٧٠**) جوڵەی ئاواران بینرا لەماوەی ئەم گەڕەدا. ئەمەش (**١,٩٧٤**) هاوڵاتی دەگرێتەوە کە بۆ یەکەمین جار ئاوارە دەبن، (**٥,٨٦٧**) شیان لە ئاوارەبوونی لاوەکین و (**٨٢٩**) شیان لەگەڕانەوە شکستیان هێناوە.
- ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ دا دەژین (**١,٤١٦**) کەس کەمبۆتەوە، کە بەبەراورد بە گەڕی پێشوو (-١) کەمتر بوو، بەمەش ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لەو شوێنە نیشتەجێبوونانەدا دەژین بووە (١٠٤,٥٩٨) هاوڵاتی.

| | |
|---|---|
| ٢٠١,٦١٤ خێزان ▼ -٥٩٢ | ٢,٧٢٩ شوێن ▼ -٦٣ |
| ١٨ پارێزگا | ١٠٤ قضاءً |

▲▼ گۆڕانکاری لە دوایین خولەوە

### گەڕاوان ٤,٩٧٨,٦٧٤

▲ +٨,٨٨٦

- تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٢، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٤,٩٧٨,٦٧٤) هاوڵاتی گەڕاوەی دەستینشانکرد لە (٨٢٩,٧٧٩) خێزان دا.
- ئەمەش واتە زیادبوونی (**٨,٨٨٦**) گەڕاوە لەوەتەی ڕاپۆرتی گەڕی پێشووەوە کە لە نیسان-حوزەیرانی ٢٠٢٢ دابوو (ڕێژەی گۆڕان ٠,٢ ٪).
- قەزاکانی ناوەندی **موسڵ (١,٦٤٤)**، **توزخورماتوو (١,٥٠٦) و حەویجە (١,٢٨٤)** بەرزترین ڕێژەکانی گەڕاوەیان بەخۆیانەوە بینی.
- بەرزبوونەوەیەکی کەمی ئەو قەزایانەش لەبەرهۆکارەکانی وەک هاوکاری دارایی بۆ ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە، باشتر دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی زێد و زەحمەتی ئاڵنگاری کرێی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە ناوچەکانی ئاوارەبوون دا.
- قەزاکانی **خاڵس (-٤٢٦)**، **هەترە (-٢٤٦) و ڕوتبە (-١٧٤)**گەورەترین کەمبوونەوەی گەڕاوانیان بەخۆیانەوە بینی، ئەمەش بەهۆی نەبوونی دەرفەتەکانی کاروکاسبی بژێوی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەکانی زێد.
- ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین بە (**٩١٢**) هاوڵاتی زیادی کرد بە بەراورد بە گەڕی پێشوو (٪+٠,٥) بەمەش کۆی گشتی بووە (١٩٠,٠٧٤) هاوڵاتی کە لەو شوێنە حەوانەوانەدا دەژین.

| | |
|---|---|
| ٨٢٩,٧٧٩ خێزان ▲ +١,٤٨١ | ٢,٢٠١ شوێن ▲ +١٠ |
| ٨ پارێزگا | ٣٨ پارێزگا |

▲▼ گۆڕانکاری لە دوایین خولەوە

١. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێباز و میتۆدی لیستی سەرەکی، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە دایە.
٢. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێژەی گۆڕانی حاڵەتەکانی ئاواران و گەڕاوان، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە.

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٪٧٦ شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت ٨٨٩,٠٩٢ | ٪١٥ کامپەکان[٣] ١٧٩,٣٦٠ | ٪٩ شوێنی نیشتەجێبوونی زۆر خراپ ١٠٤,٠٥٨ | ٪١> نەزانراو ٧٦٢ |

## تێکڕای هەڵبەز و دابەزینەکان

لەماوەی ڕاپۆرتی گەڕی ١٢٧دا تۆماری بەدواداچوون (DTM) (١,١٧٣,٨١٢) ئاوارەی دەستنیشانکرد، (٢٠١,٦١٤) خێزان. ئەمەش کەمبوونەوەی (٣,٤٢٢) کەسە بە بەراورد بە گەڕی پێشوو کە لەماوەی نیسان-حوزەیرانی ٢٠٢٢ بوو بە (-٠,٣٪). کەمبوونەوەی ووردە ووردەی ژمارەی ئاوارەکان لەوەتەی ڕاپۆرتی کۆتا گەڕی لیستی سەرەکی پەیوەستە بەو بەربەستە گەورانەی کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان دەبێتەوە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زێد. هەروەها، زۆربەی هەرزۆریشیان نیشتەجێی ئاوارەبوونی درێژخایەنن (٩٨٪).

زۆرترین کەمبوونەوەش لە ژمارەی ئاوارەکان لە قەزاکانی تکریت لە پارێزگای سەلاحەددین (-٥٣٤)، حەمدانیە لە نەینەوا (-٤٨٥) و موسڵ لە نەینەوا بە (-٤٠٠) تۆمارکرا. ئەم کەمبوونەوە کەمەی ژمارەی ئاوارەکانیش لەم قەزایانەدا بەهۆی هۆکارەکانی وەک نۆژەنکردنەوەی خانووەکان و بەرەوپێشچوونی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانە لە ناوچەکانی زێدە و هەروەها بەهۆی نەبوونی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیانە. بەرانبەردا، بەرچاوترین زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانیش لە قەزاکانی ناوەندی سلێمانی بە (+١,٠٠٢)، هەولێر بە (+٤٢٠) و کەرکووک بە (+٢٠٤) بەدیکرا). پێدەچێت ئەم زیادبوونانەش ڕەنگدانەوەی ئاوارەبوونی دووەمی بن لە هەولێر و کەرکووک و لە پارێزگای سلێمانیش تێکەڵەیەک بێت لە ئاوارەبوونی تازە و دووەمی.

## جوڵە و جموجۆڵی ئێستای ئاوارەکان

سەرەڕای کەمبوونەوەی تێکڕای ژمارەی ئاوارەکان لە سەرانسەری عێراق دا، (٨,٦٧٠) ئاوارەی تازە هاتوو تۆمارکران لەم گەڕەی،١٢٧، ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی دا (٠,٧ ٪ حاڵەتەکان). ئەمەش (١,٩٧٤) هاوڵاتی دەگرێتەوە کە بۆ یەکەمین جارە ئاوارە دەبن، (٥,٨٦٧) هاوڵاتیش کە لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون (ئاوارەبوونی دووەمی) و (٨٢٩) هاوڵاتیش لە ناوچەکانی زێدیانەوە هاتوو دوای ئەوەی کە لەگەڕانەوەیان شکستیان هێنا (گەڕانەوەی شکستخواردوو). لەنێو ئەو هاوڵاتیانەی کە بۆ یەکەمین جار ئاوارەدەبن، هۆکار و پاڵنەری سەرەکی بریتیبوو لە ناسەقامگیری ئەمنی پەیوەست بە ململانێییەکانەوە، بە کەرەستە و تەقەمەنییە نەتەقیووەکان، مینە دانراوەکان و هەبوونی میلیشاکانەوە.

| سێ سەرەکیترین قەزای کە ئاوارەبوونی نوێیان بەخۆیانەوە بینیووە | | | |
|---|---|---|---|
| قەزا، پارێزگا | ئاوارەبوون بۆ یەکەمین جار | ئاوارەبوون بۆ دووەم جار | گەڕانەوەی شکستخواردوو |
| سلێمانی، سلێمانی | ١,٢٠٠ | ٩٨٩ | ١٥٦ |
| هەولێر، هەولێر | ٠ | ١,٠٧٨ | ٠ |
| زاخۆ، دهۆک | ٠ | ٤٧٩ | ٢١٠ |


## جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون

نزیکەی سێ لەسەر چوار ئاوارەکانی نیشتەجێی شوێنە تایبەتەکان (٧٦٪ هاوڵاتیان کە ٨٨٩,٠٩٢ کەسن)، دوای ئەوەش لە ١٥٪ی ئاوارەکانی دانیشتووی کامپەکان کە (١٧٩,٣٦٠)، پاشان لە ٩٪ شیان لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان کە (١٠٤,٠٥٨) کەسن. لە ڕاپۆرتی ئەم گەڕە، ١٢٧، ژمارەی ئاوارەکانی نیشتەجێی شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ کەمێک کەمیکردووە بە (-١,٤١٦) ئینجا ئاوارەکانی دانیشتووی شوێنە تایبەتەکان بە (-١,٣٥٦) کەمیکردووە.

### شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ[٤]

لەوانەیە ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین ڕووبەڕووی زەحمەتی و ئاڵنگاری ببنەوە، لەوانەش کەمی دەستگەیشتن بە کاروکاسبی بژێوی ژیان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان. لەوەتەی گەڕی پێشووەوە، ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنەی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە لە قەزاکانی فەللوجەی ئەنبار بە (-٤٦٢)، تەلەعفەری نەینەوا بە (-٣٦٦) و تکریتی سەلاحەددین بە (-٢١٦). لەبەرانبەردا، ژمارەی دانیشتووانی ئاوارەکانی شوێنەی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ زیادیکردووە لە قەزاکانی ئەبوغرێبی بەغدا بە (+٧٨)، بەلەدی سەلاحەددین بە (+٦٦) و دیوانیەی قادسیە بە (+٤٨).


شێوەی ٢: ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لەشوێنی حەوانەوەی زۆرخراپ دا بەپێی ١٠ سەرەکیترین قەزای ئاوارەبوون




## ناوچەکانی زێدی ئاوارەکان

نزیکەی سێ لەسەر پێنجی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارەکان لە بنەڕەتدا هی پارێزگای نەینەوان بە (٦٥٨,٠٤٥)، زۆربەشیان هی قەزای ناوەندی موسڵن بە (٢٤٥,٦٧٧)، پاشان شنگال بە (١٨١,٩٢٧)، ئینجا هی بەلەدەن بە (١٠٣,٤١٣) ئاوارە.

شێوەی ٣: ژمارەی ئاوارەکان بەپێی ١٠ سەرەکیترین قەزای زێد






| | موسڵ | شنگال | بەعاج | تەلەعفەر | ڕوومادی | فەللوجە | موسەیب | حەویجە | توزخورماتوو | خانەقین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی سەرەکی ١٢٧ | ٢٤٥,٦٧٧ | ١٨١,٩٢٧ | ١٠٣,٤١٣ | ٧٢,٩٤٨ | ٦٢,٥٧٣ | ٤٤,٤٦١ | ٤٤,٤٥٣ | ٤٣,٨٢٨ | ٣٥,٠٤٩ | ٣٠,٣٣٩ |
| لیستی سەرەکی ١٢٦ | ٢٤٢,٥٧١ | ١٨٣,١٦٦ | ١٠٣,٧٣٦ | ٦٩,٢٣٦ | ٦٠,٥٠٣ | ٣٨,٣٧٧ | ٤١,٧٦٧ | ٤٢,٠٨٠ | ٣٥,٣٧٩ | ٣٠,٠٠٥ |


٣. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون داتا لەسەر ژمارەی خێزانە ئاوارەکانی هەر شوێنێک کۆدەکاتەوە. بۆ کامپەکان، لە ڕێگەی لێکدانی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٥ ئەندام مەزەندە دەکرێت (تێکڕای ژمارەی ئەندامانی خێزانە عێراقییەکان). بۆ ژمارەی دروستی کامپەکان، تکایە بڕوانە لیستی سەرەکی و کۆمەڵەی داتای گروپە کامپە عێراقییەکان-ی ئیدارەدان و هاماهەنگی کامپە سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانەکانیان.


٤. بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی ئاوارەکان، لەوانەیە بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئایینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.


ئەم هێڵکاری و گرافانەی خوارەوەهەشت پارێزگای پێشوازیکەر و لەخۆگری گەورەترین ژمارەی ئاوارەکان نیشاندەدەن. لەگەڵ ئەمەش دا، ئەو گۆڕانانە نیشاندەدەن کە لەوەتەی گەڕی پێشووەوە و لە ژمارەی ئاوارەکان دا ڕوویانداوە، هەروەها نیشاندانی ئەو قەزا سەرەکیانەی کە ئاوارەکانیان تێدا نیشتەجێن و پارێزگا سەرەکییەکانی زێد. بۆ بینینی خستنەڕوویێکی گشتی قەزاکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە لە سەرانسەری عێراق دا، تکایە بڕوانە قەزاکان لەسەر نەخشەی ئاوارەبوون.





















▼▲ گۆڕانکاری لە دوایین خولەوە


قەزا سەرەکییەکانی زێد بەرانبەر قەزاکانی ئاوارەبوون




نەخشەی ١: قەزاکانی زێد



نەخشەی ٢: قەزاکانی ئاوارەبوون



# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە

| زێدی نیشتەجێبوون | شوێنی حەوانەی زۆر خراپ | شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت | نەزانراو |
|---|---|---|---|
| ٪٩٦ | ٪٤ | <١٪ | <١٪ |
| ٤,٧٧٤,٣٣٢ | ١٩٠,٠٧٤ | ١٤,٢١٤ | ٥٤ |

## تێکڕای هەڵبەز و دابەزینەکان

لەماوەی گەڕی ١٢٧ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی (٤,٩٧٨,٦٧٤) گەڕاوەی دەستنیشانکرد لە (٨٢٩,٧٧٩ خێزان). ئەمەش زیادبوونی (٨,٨٨٦) گەڕاوەیە بە بەراورد بە ڕاپۆرتی گەڕی پێشوو لەماوەی نیسان-حوزەیران دا (+٠,٢٪). دەکرێت ئەم ڕێژە هێواشەی گەڕانەوەش بە نەبوونی دەرفەتەکانی کاروکاسبی و نەبوونی خانوو لە شوێنی زێد و هەروەها هەبوونی ئەمن و ئاسایشێکی باشتر لە ناوچەی ئاوارەبوون ڕوونبکرێتەوە. ڕێژەی گەڕانەوە لەسەرانسەری وڵات لە٨٢٪ە، کە ئەمەش هاوتایە بە ڕێژەی گەڕی پێشوو.[٥]

## جوڵە و جموجۆڵەکانی ئێستای گەڕانەوە

لەسەر ئاستی قەزا، قەزاکانی ناوەندی موسڵ، نەینەوا (=١,٦٤٤)، توزخورماتوو، سەڵاحەددین (+١,٥٠٦) و حەویجە، کەرکووک (+١,٢٨٤) زۆرترین زیادبوونی گەڕانەوەیان هەبوو بە بەراورد بە گەڕی پێشوو. ئەمەش بەهۆی هۆکارەکانی وەک بەرەوپێشچوونی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی زێد، نەبوونی توانای دابینکردنی خەرجی زۆری کرێی شوێنی نیشتەجێبوون لە ناوچەی ئاوارەبوون و هەبوونی هاوکاری ماددی بۆ ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە لەناوەندی قەزای موسڵی پارێزگای نەینەواوە ئاوارەبوون. قەزاکانی خاڵس، دیالە (-٤٢٦)، هەترە، نەینەوا (-٢٤٦) و ڕوتبە، ئەنبار (-١٧٤) زۆرترین بەرزبوونەوەیان لە ژمارەی گەڕاوانەوە بەخۆوە بینی بەهۆی نەبوونی دەرفەتەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان و هەبوونی خزمەتگوزاری لە ناوچەی زێد.

### هاتووان لە کامپەکانەوە

ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لەکامپەکانەوە هاتوون لەماوەی گەڕی ١٢٧ (٦٤٨) هاوڵاتی بوو، کە ئەمەش نیوەی ئەو ژمارەیە کە لە گەڕی پێشوو،١٢٦، بەدیکرا کە (١,٤١٦ هاوڵاتی بوو). قەزا سەرەکییەکانی هاتووانیش لە کامپەکانەوە برتین لە شنگال (٢١٦) و بەعاج (١١٤) لە نەینەوا، شەرگات (٨٤) لە سەڵاحەددین و هیت و قائیم لە ئەنبار هەریەکەیان بە (٧٨) و (٦٦).

### شوێنی بێ گەڕانەوە

لەم گەڕە ی ١٢٧ە، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٣١٦) شوێنی دەستنیشانکردووە کە هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیووە. لەم ژمارەیەش هەشت شوێنی تازە دەستپێکەیشتووی تێدایە لە پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەوادا. هۆکارە پاڵنەرەکانی نەبوونی گەڕانەوەش لەو شوێنانەدا بریتین نیگەرانی ئەمنی کە زۆربەی لە هێرشەکانی داعشەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕووخانی شوێنی نیشتەجێبوون و ڕێگری لە گەڕانەوە کردن لەلایەن لایەنە ئەمنییە جۆراجۆرەکانەوە. لە هەندێک حاڵەتیش دا، لەوانەیە خێزانە ئاوارەکان هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە بدەن، ئەو کات جارێکی دیکە ئاوارە دەبنەوە.

لەماوەی ئەم گەڕەدا، هێزە ئەمنییەکان ڕێگریان لە هەموو ئەو خێزانانە کرد کە دەیانویست بۆ ئەم سێ شوێنە بگەڕێنەوە کە ناحیەی ئامرلی پارێزگای سەڵاحەددینن. لەبەرانبەردا، لە یەکێک شوێن لە مەرکەزی قەزای دەبس-ی پارێزگای کەرکووک کە پێشتر گەڕانەوەی هیچ خێزانێکی بەخۆیەوە نەدیبوو لەووەتەی گەڕی پێشووەوە.

### گەڕانەوە شکستخواردووەکان

لەم گەڕەدا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ( ٨٢٩) ی هاوڵاتی تۆمارکرد کە لەگەڕانەوەیان بۆ ناوچەی زێد شکستیان هێنابوو. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەوەی کە لە گەڕی پێشوو لە نیسان-حوزەیران کۆکرابۆوە کە، (١,٣٨٥) هاوڵاتی بوون لەگەڕانەوەیان شکستیان هێنابوو. نزیکەی دوو لەسەر سێی (٦٥٪)ی گەڕانەوە شکستخواردووەکان لە قەزای شنگال، پارێزگای نەینەوا بوون. یەک لەسەر سێی گەڕانەوە شکستخواردووەکانی دیکە دابەش دەبنە سەر ١٢ قەزا لە پارێزگاکانی نەینەوا، سەڵاحەددین، دیالە، کەرکووک، ئەنبار و بەغدان. گەڕانەوە شکستخواردووەکان زۆرەبەیان بەهۆی ناسەقامگیری پەیوەست بە هەبوونی شەڕو ململانێ، تەقەمەنییە نەتەقیووەکان، و مینەکان و میلیشاو نەبوونی خزمەتگوزاری گشتییە.


## جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە

زۆربەی گەڕاوەکان (٩٦٪)یان لەناوچەکانی خۆیان نیشتەجێن، لەوکاتەی لە٤٪ەکەی دیکە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دان. بە بەراورد بە گەڕی پێشوو، ٧,٦٣٨ گەڕاوە لە ناوچەکانی زێدیان دا دەژین (+٠,٢٪) و (٩١٢) شیان لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان (+٠,٥٪).

### شوێنی حەوانەی زۆر خراپ[٦]

پارێزگای سەڵاحەددین زۆرترین ڕاددەی زیادبوونی ئەو گەڕانەوانەی بەخۆیەوە بینی کە لەشوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە کە (+٤٩٨) گەڕاوەبوون، زۆرترینیان لە قەزاکانی توز خورماتوو (+٢٧٦)، فارس (+١٥٠) و بەلەد (+٦٦). پارێزگای ئەنباریش دووەم بەرزترین ڕاددەی ئەو گەڕاوانەی بەخۆیەوە بینی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا بە (+٣٠٠)، لەوکاتەی ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دان لە قەزاکانی قائیم (-٧٨) و ڕوتبە بە (-٧٨) کەمیکرد، بەڵام ژمارەیان لە قەزای فەللوجە زیادیکرد بە (+٤٦٢). لە پارێزگای نەینەواش، ئەم ژمارە کەمیکرد لە قەزاکانی شنگال بە (-١٠٢)، تەلەعفەر (-٦٠)، بەڵام لە قەزای بەعاج زیادیکرد بە (+٧٨).

شێوەی ٤: ڕێژەی گەڕانەوە بەپێی دە سەرەکیترین قەزای زێد



| | موسڵ<br>نەینەوا | ڕوومادی<br>ئەنبار | فەللوجە<br>ئەنبار | تەلەعفەر<br>نەینەوا | حەویجە<br>کەرکووک | شنگال<br>نەینەوا | خانەقین<br>دیالە | توز خورماتوو<br>سەڵاحەددین | بەعاج<br>نەینەوا | موسەیب<br>بابل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی گەڕانەوە | ٪٨١ | ٪٩١ | ٪٩٣ | ٪٨٣ | ٪٨٠ | ٪٤٠ | ٪٧٨ | ٪٦٣ | ٪٣٥ | ٪٠ |
| ئاوارەکانی قەزاکان | ٢٤٥,٦٧٧ | ٦٢,٥٧٣ | ٤٤,٤٦١ | ٧٢,٩٤٨ | ٤٣,٨٢٨ | ١٨١,٩٢٧ | ٣٠,٣٣٩ | ٣٥,٠٤٩ | ١٠٣,٤١٣ | ٤٤,٤٥٣ |
| گەڕاوان | ١,٠٧٢,٤١٦ | ٦٠٢,٠٤٦ | ٥٧٢,٣٤٦ | ٣٦٣,٦٣٠ | ١٧٢,٨٧٢ | ١٢١,٦٥٠ | ١٠٤,٩٢٢ | ٦٠,٣١٨ | ٥٥,١٣٢ | - |


٥. ڕێژەی گەڕانەوە بریتییە لە دابەشکردنی ژمارەی گەڕاوان بەسەر پارێزگا بەپێی کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوان و ئەوانەی کە لە بنەڕەت دا لەو پارێزگایە ئاوارەبوون.

٦. بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی گەڕاوان، لەوانەیە بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئاینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.

ئەم گراف و هێلکاریەی خوارەوە ئەمانە نیشان دەدات: ١. ژمارەی گەڕاوان لە هەموو پارێزگاکان دا، ٢. ئەو قەزا سەرەکیانەی کە گەڕاوەکان تیایاندا نیشتەجێن،٣. ڕێژەی گەڕانەوە بەپێ هەر پارێزگایەک، ٤. ئەو پارێزگایانەی کە کۆتا جار گەڕاوان لێیەوە ئاوارەبوون. بۆ خستنەڕوویێکی گشتی قەزاکانی گەڕانەوە لەسەرانسەری عێراق دا، تکایە بڕوانە قەزاکانی گەڕاوان لە نەخشەی گەڕانەوە.

## نەینەوا


١,٩٣٧,٨٨٠ گەڕاوە — ٪٧٥




پارێزگاکانی دیکە: نەجەف، کەربەلا، بەغدا، بابل، کەرکووک، واست، سلێمانی، سەلاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقاڕ، موسەننا، دیالە و ئەنبار

## ئەنبار


١,٥٤٥,٧٩٢ گەڕاوە — ٪٩٢




پارێزگاکانی دیکە: کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەلاحەددین، دهۆک، کەربەلا، نەینەوا و دیالە.

## سەلاحەددین


٧٤٥,٦٩٢ گەڕاوە — ٪٨٥




پارێزگاکانی دیکە: نەینەوا، سلێمانی، بەغدا، دهۆک، بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقاڕ و واست

## کەرکووک


٣٥٣,٦٥٨ گەڕاوە — ٪٨٢




پارێزگاکانی دیکە: هەولێر، نەینەوا، بەغدا و بابل

## دیالە


٢٤٠,٤٤٤ گەڕاوە — ٪٧٧




پارێزگاکانی دیکە: بەغدا، هەولێر و کەربەلانەینەوا و دیالە

## بەغدا

٩٣,٢٤٦ گەڕاوە — ٪٦٧




پارێزگاکانی دیکە: سلێمانی، کەربەلا و میسان

## هەولێر

٦١,٢١٨ گەڕاوە — ٪٨٧





## دهۆک

٧٤٤ گەڕاوە — ٪١٠٠





ڕێژەی گەڕانەوە

نەخشەی ٣: قەزاکانی گەڕانەوە



نەخشەی ٤: ناوچەی بێ گەڕانەوە



| فەرهەنگۆک | |
|---|---|
| شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ | بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی گەڕاوان، ئەم جۆرە شوێنی حەوانەوە نیشتەجێبوونانە دەگرێتەوە لە ناوچەی زێد بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئاینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.<br><br>بۆ ئاوارانیش هەمان ئەو شوێنانەی کە لەپەڕاگرافی پێشوو بۆ گەڕاوان باسکران جگە لە ناوچەی زێد، هەروەها ئەو شوققە و خانووانەی کە هی خۆیان نین یان بۆ ژیان شیاو نین و چۆڵن. |
| گەڕانەوەی شکستخواردوو | ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ناوچەکانی زێدیانەوە دێن دوای ئەوەی کە لە گەڕانەوەیان شکستیان هێنا. |
| ئاوارە/ئاوارەی ناوخۆیی | بۆ هەڵسەنگاندنەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، هەموو ئەو هاوڵاتییە عێراقیانەی کە ناچار بە هەڵاتن کراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەدواوە و تا ئێستاش هەر لە ئاوارەیی دان هەر لەناو سنووری عێراق دا لە کاتی ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنە. |
| شوێن | ناوچەیەک کە هاوتای گوندێک یان ناوچەیەکی لادێییە یان هاوتای گەڕەکێکە لە ناوچەی شاریی (بەمانایەکی دیکە، چوارەمین دابەشبوونی ئیداری). |
| شوێنی بێ گەڕانەوە | شوێنێک کە ئاوارەبوونی بەخۆیەوە بینیووە و هاوڵاتیان لێیەوە ئاوارەبوون  لە شەڕ وململانێی نێوان ٢٠١٤-٢٠١٧ لەگەڵ داعش دا بەڵام تا ئێستا هیچ گەڕانەوەیەکی لێ تۆمار نەکراوە یان هەموو گەڕاوەکان دووبارە ئاوارەبوونەتەوە دوابەدوای گەڕانەوەیان. |
| شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت | بۆ ئاواران و گەڕاوان، ئەمانە دەگرێتەوە: هۆتێل، مۆتێل، خانوو و خێزانی خانەخوێ یان شوققە و خانوو کە هی خۆیان نییە. بۆ ئاوارانیش، موڵکی خۆیان دەگرێتەوە. |
| ئاوارەبوونی درێژخایەن | ئاوارەبوونێک کە زیاتر لە سێ ساڵی خایاندووە. لەبەرئەوەی داتای ئاوارەبوون لەسەر شێوەی (شەپۆڵەکان)ی ئاوارەبوون لە ماوەی چەندان مانگ کۆدەکرێتەوە. ئاوارەبوونێک کە پێش کانوونی دووەمی ٢٠١٩ ڕوویداووە بە درێژخایەن دادەنرێت.[٧] |
| ڕێژەی گەڕانەوە | بەکاردێت بۆ خەمڵاندنی ڕێژەی گەڕانەوەی دانیشتوان بۆ قەزای زێد و بە ڕێژەی گەڕاوان هەژماردەکرێت لە هەر قەزایەک دا لەبەرانبەر کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوان و ئاوارەبووان لەو قەزایەدا. |
| زێدی نیشتەجێبوون | تەنیا بۆ گەڕاوان، ئاماژە بە شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لە ئاوارەبوونیان دەکات. |
| گەڕاوان | بۆ هەڵسەنگاندنەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) هەموو ئەوانەی کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە ئاوارەبوون و گەڕاونەتەوە شوێنی زێدیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بۆ ناوچەی زێدی پێشوویان گەڕاونەتەوە یان جۆری شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان گۆڕیووە. پێناسەی گەڕاوان پەیوەندی بە پێوەری گەڕانەوە بە شێوەیەکی سەلامەت، شکۆمەند و تەنانەت بە ستراتیژیەتی دیاریکراوی دڵنیابوونەوەی لە گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکانەوە نییە. |
| ئاوارەبوونی دووەمی | ئەو هاوڵاتیانە دەگرێتە کە زیاتر لە جارێک ئاوارەبوون و لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە ئاوارەبوون. |

٧. لەوەتەی سەرهەڵدانی قەیران، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) لەسەر بنەمای شەپۆڵی جوڵەکردنەکانی ئاوارەبوون داتای کۆکردۆتەوە، کە ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بووە بۆ ڕووداوە گرنگەکان. شەپۆڵی ٨ ماوەی نێوان تەممووزی ٢٠١٧ بۆ کانوونی دووەمی ٢٠١٩ دەگرێتەوە، هەربۆیە، هەموو ئەوانەی کە لەماوەی نێوان کانوونی دووەمی ٢٠١٤ تا کانوونی دووەمی ٢٠١٩ ئاوارەبوون، بە ئاوارەبوونی درێژخایەن هەژماردەکرێن لەم ڕاپۆرتەدا. ئەگەرچی ژمارەی ڕاستەقینەکە زۆر زیاترە لەوە، لەبەرئەوەی کە هەندێک لەوانەشی کە لەماوەی شەپۆڵی ٩ ئاوارەبوون لە کانوونی دووەمی ٢٠١٩وە تا کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هەر لە ئاوارەبوونی درێژ خایەن دان.

# ڕێبازی ڕاپۆرت

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) زانیاری لەسەر ئاواران و گەڕاوانی عێراق کۆدەکاتەوە. کۆکردنەوەی داتا لە تەواوی هەر ١٨ پارێزگادایە، نزیکەی ١٠٠ قەزا و ٢٧٠٠ شوێن دەگرێتەوە. یەکەی شیکارکردنی داتاش شوێنە کە، دەکرێت ئەو شوێنە شارۆچکەیەک، گوندێک، یان گەڕەکێک بێت لە شارێک. تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) داتا کۆدەکەنەوە کە خۆی لە زیاتر لە ٨٠ کارمەند دەبینێتەوە لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە (لە٢٠٪ کارمەندە داتا کۆکەرەوەکان ئافرەتن). تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) لەڕێگەی چاوپێکەوتن زانیاری لە زانیاریدەرە سەرکییەکانەوە کۆدەکاتەوە بە بەکارهێنانی تۆڕێکی فراوان و تەواو دامەزراوی زیاتر لە ٢٠٠٠ زانیاری پێدەر کە (٥٪ یان ئافرەتن)، ئەوانیش نوێنەرانی کۆمەڵگە، موختار، دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان و هێزە ئەمنییەکان دەگرێتەوە. تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی داتای لیستی سەرەکی کۆدەکاتەوە و ڕاپۆرتی سێ مانگ جارێکی لەسەر ئامادەدەکات.

هاوڵاتیانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە و دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەک تێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

## حسابکردن و ژماردن بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە:

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگەی لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ کەس دیاریکراوە و هەژمارکراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردن و ژماردنەش بۆ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٢٠ەوە (جەولەی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە، کە ئەم داتایە هاوتایە بە قەبارەی خێزانی بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ. بۆ دروستترین و نوێترین زانیاری ئاوارەکانی دەرەوەی کامپ، تکایە بڕوانە وێبسایتی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ : CCCM Cluster website.

## گۆڕانکارییەکان لە حاڵەتەکانی ئاواران و گەڕاوان دا

بەرزبوونەوەی ژمارەی گەڕاوان و نزمبوونەوەی ژمارەی ئاواران هەمیشە هاوئاست و وەک یەک نین. ئەمەش بۆ چەندان هۆ و فاکتەر دەگەڕێتەوە. یەکەم، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بەردەوامە لە تۆمارکردنی خێزانانەی کە بۆ یەکەمین جارە ئاوارە دەبن، ئەو خێزانانەی کە شوێنی دیکەی ئاوارەبوونەوە دێن (ئاوارەبوونی دووەمی) و ئەو خێزانانەی کە بەهۆی شکستهێنانیان لە گەڕانەوەیان ئاوارەبوون (گەڕانەوەی شکستخواردوو). هەروەها لەبەرئەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ئاواران و گەڕاوان لەسەر ئاستی ژمارە خێزان هەژماردەکات، هاوسەرگیری و گۆڕانەکانی دیکەی ناو خێزان کاردەکاتە سەر قەبارە و ژمارەی حاڵەتەکان. سەرەڕای ئەمانەش، لەوانەیە هەندێک لە خێزانەکان لە هەردوو حاڵەت دا هەژمار بکرێن ئەگەر أ- بەشێک لە خێزانەکە هەر لە ئاوارەیی مابنەوە و بەشێکیشی گەڕابنەوە، ب-لەوانەیە خێزانەکە لەنێوان ناوچەی ئاوارەبوون و ناوچەی گەڕانەوە هاتووچۆ بکەن. لە کۆتاییشدا، ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین و دەستگەیشتن پێیان ئاسان نییە، لەبەر هۆکاری ئەمنی، لەوانەیە هەژمار نەکرێن، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە، ئەوا لەوانەیە لەگەڵ حاڵەتەکاین دیکەی گەڕانەوە هەژمار بکرێن..

## جیاوازییەکانی نێوان ماوەی ڕاپۆرتەکان

لەوەتەی تشرینی یەکەیم ٢٠٢١ەوە (گەڕی ١٢٤)ی لیستی سەرەکی بەشێوەی سێ مانگ جارێک دەردەچێت. لە ٢٠١٤ بۆ ٢٠٢١، ڕاپۆرتەکانی لیستی سەرەکی ماوەی جیاجیا یان لەخۆ گرتووە، کە لەوانەیە کاریگەری بکاتە سەر بەراوردکردنی ڕاپۆرتەکانی گەڕەکان لەگەڵ یەکتری.

## گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون

لە گەڕی (١٢٢) دا تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەندێک گۆڕانکاری لە لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون دا کرد بۆ ڕێکخستن و گونجانە لەگەڵ و تێبینی تەکنیکی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق دا لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠)، تکایە بڕوانە پێناسەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە فەرهەنگۆکە کەدا.


## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq



ئەستۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەڕوو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان و خستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربڕینی هیچ بیروبۆچوونێک ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.


بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بە تیمەکە بکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچ (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتیە بەردەوامەکانی. هەروەها ڕێکخراوی (IOM) سوپاسی خۆی ئاڕاستەی ئەندامانی تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندنی (RARTS) ی ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق دا دەکات بۆ ئەو کارەی دەیکەن لە کۆکردنەوەی داتا، کە زۆرجار لە هەلومەرجی زۆر دژواردا ئەو کارە دەکەن، هەوڵ وکۆششە ماندوونەناسەکانیان بنچینەی ئەم ڕاپۆرتەیە.



© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٢

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.